# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی حەوتەم)



نوسینی: کری ڤۆڵف
وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی
ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی

## ئینجیلەکان چۆن دەرسی ژیان فێر دەکەن

### «چەند خاڵێکی سەرەتایی»

لەوانەیە خوێنەر پاش خوێندنەوەی بەشەکانی پێشوو بڵێ، باشە ئەمن قایلم بەوەی کە ئینجیلەکان سەرچاوەیەکی باشی مێژوویی نینن، ناکۆکی و دژایەتی زۆریان تێدایە و قەت مەسیحێك لە گۆڕێدا نەبووە و ئەوەش درۆیە کە دەوترێ ئینجیلەکان بە "ئیلهامی خودا" نووسرابێتن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینجیلەکان شتی باشیشیان هەیە. ئینجیلەکان ئینسان فێردەکەن بەپێی بنەماکانی ئەخلاقی بژین. هەر ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بە چاوگە و ژێدەرێکی بایەخدار و بەکەڵکیان بناسین.

ئینجیلەکان چۆن دەرسی ژیان فێر دەکەن؟ ئەمە بابەتێکی گەلێك گرینگە و بۆ ئەوە دەشێ زۆر زیاتری لێ بکۆڵدرێتەوە و پتری شەرح و شیی بکەینەوە.

پێشتر دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئینجیلەکان لەم بابەتەشەوە پڕن لە ناکۆکی و وتەی دژ بەیەك. زانایەکی فەرانسەیی هەیە بە ناوی «ئالبێرت بایەت Albert Baet» کاتی خۆی نامیلکەیەکی لەسەر ئەخلاقی ئینجیلیی بە ناوی « خوو و خدەی



ئینجیلی، Les morales del Evangile» نووسیوە. ناوبراو پێی وایە ئینجیل هەر یەك ئاکار و ئەخلاقی تایبەت فێرناکات، بەڵکو کۆمەڵە ئاکار و ڕەوشتێکی ناکۆك و دژ بەیەك برەو دەدات. «بایەت» دەنووسێ ڕەوشتێکی یەکانگیر و یەکدەستی ئینجیلییانە نیە.

ئەوەی ڕاستی بێت قسەکانی ئەم کابرایە راستە و خواروخێچیشی تێدایە. ئەم قسانە ڕاستن چونکا لەو بەشانەی ئینجیلدا کە باسی ئاکار و ڕەوشت دەکرێ، هەر وەك بەشەکانی لەمەڕ ژیان و مەرگ و هەستانەوەی عیسا پڕن لە دژایەتی و قسەی دژ بەیەك. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەڕۆکی ڕەوشتی ئینجیلییانەدا گەرای فکرەیەکی چەسپاو هەیە کە ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێ. چەوت و چەوێڵی قسەکانی «بایەت» لێرەدان.

پێشتر زانیمان کە ئینجیلەکان لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا سەریان هەڵداوە، ئیستاش بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشت و ئەخلاقی ئینجیلییانە زۆر گرینگە ئەوە بزانین کە ئینجیلەکان بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ ئەم نەزمەدا کردووە و چۆن لەگەڵ کۆیلایەتیدا جوولاونەتەوە و بە چجۆر چاویان لێکردووە.

## ئەخلاقی ئینجیلی و کۆیلایەتی

هەموو کەس دەزانێ سیستەمی کۆیلایەتی چ قەوارە و چوارچێوەیەکی هەبوە. لە نیزامی کۆیلایەتیدا چ شتێك لەوە بێزراوترە کە ئینسان هەتا ڕادەی حەیوانێکی چوارپێ بێتە خوار؟ ئینجیلەکان زۆر جار باسیان لە کۆیلایەتی کردووە، بەڵام قەت یەك وشەیان لە دژی ئەو قەوارەیە و تاوانبارکردنی ئەو هەڵسووکەوتە نامرۆڤایەتییە نەکردووە. مەسیحی ناو ئینجیلەکان زۆر جار باسی کۆیلایەتی دەکات، ناوی کۆیلەکان دەبات، بەڵام هەر وەك شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتی لەسەریان دەدوێت.

مەسیحی ناو ئینجیلەکان کاتێ دەیەوێ قوتابییەکانی لە قسەی دەرنەچن و سەرلەپێناوی بن، نمونەی کۆیلەیان بۆ دەهێنێیەوە. قەت سووکە بیرێکیشی لەوە نەکردۆتەوە کە لەوانەیە رۆژێك کۆیلەیەك مل لە فەرمەنی خاوەنەکەی با بدات. مەسیح بە قوتابییەکانی دەڵێ.« کێ لە ئێوە، گەر ئیشکەرێکی هەبێ و خەریکی کاری کێڵگە و لەوەڕاندن بێت، دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێ: یەکسەر وەرە سەرخوان؟ پێی ناڵێ شتێکم بۆ بهێنە با نانی ئێوارێ بخۆم، دان بەخۆتدا بگرە و بەردەستیم بکە تا لە نانەکەم دەبمەوە، ئینجا نۆرەی تۆ دێت بۆ خواردن و خواردنەوە. ئایا ئیشکەر شایانی سپاسە گەر کارێکی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکات؟ ئێوەش بەم شێوەیە، کاتێ ئەو فەرمانەی پێتان دراوە دەیکەن، بڵێن ئێمە ئیشکەری بێ سوودین، کاری سەر شانی خۆمان جێبەجێ کردووە.»[ ئینجیلی ناسراو بە لۆقا، بەشی ١٧، ئایەتەکانی ٧-١٠].

ئەوەتا دەبینین کە ئینجیل چ تابلۆیەکی پڕشنگدار لە ژیانی ناو کۆمەڵگایەکی کۆیلایەتی دەکێشێتەوە. کۆیلە بە درێژایی رۆژ خەریکی زەوی کێڵان یان پاتاڵ لەوەڕاندنە، خاوەنەکەشی لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، سەردانی خەڵك دەکات یان خەڵك سەردانی دەکەن. لەبەر بێکاری و بەتاڵ مانەوە برسییایەتی دایدەگرێ، بەڵام خۆی نابزێوێ و چاوەڕوانی "ئیشکەرەکەیەتی" تێری بکات. کۆیلەکەی برسی و شەکەت دەگەڕێتەوە، لێرەدا باسێك لە حەسانەوەی ئەم "مرۆیە" لە گۆڕێدا نیە، دەبێ پێشتر بەدەم خاوەنەکەیەوە بچێ و خزمەتی بکات. پاشان ئەگەر دەرفەتی بۆ مایەوە دەتوانێ لە سووچێکدا هەناسەیەك هەڵکێشێ. بە بۆچوونی ئینجیل زۆر سەیر دەبێ ئەگەر بێتوو خاوەنێك سپاسی کۆیلەکەی بکات. بۆچی دەبێ سپاسی بکات؟ چما کۆیلە نابێ هەتا دواپشوو بڕەتێتەوە و کار بکات؟ لێرەدا دەبینین کە ئینجیلەکان نەك هەر کۆیلەداری بە شتێکی بەجێ و بەرحەق دەزانن، بەڵکو خاوەن کۆیلەکانیش بە توندوتیژی و بێ بەزەیەتی لە ئاست کۆیلەکان ڕادەسپێرن. بەڕای ئینجیلەکان کۆیلە دەبێ مل بۆ هەموو شتێك رابکێشێ. تۆ هەرچی ئاگاشت لە حاڵی کۆیلەکان بێ، هیچ فەرقێکیان بۆ



ناکات، چونکا ئەوان شانیان داوەتە بەر هەموو شتێك و دەبێ بیدەن. ئەمە ئەرکیانە و بۆیان دیاریکراوە.

ئینجیل حوکم لە کۆیلەکان دەکات، هەتا هێزیان هەیە دەبێ بۆ دابینکردنی خۆشی و ئاسایشی خاوەنەکانیان هەڵسوورێن. سێ ئینجیل قسەی بە تویکڵی ئەو کۆیلانە دەگێڕێتەوە کە خاوەنەکەیان پارەیەکی پێدابوون، ئەوانیش هەرکامەیان بەجۆرێك کەڵکیان لێوەرگرتبوو. ئینجیلی ناسراو بە لۆقا ئەو سەربردەیە ئاوا دەگێڕێتەوە: «عیسا ووتی: ( گەورەپیاوێك رۆیشت بۆ شارێکی دوور، بۆ وەرگرتنی حوکمڕانی، ئێنجا بگەڕێتەوە. پێش ئەوەی بڕوات دە ئیشکەری خۆی بانگ کرد و بە هەر یەکێکیان دە بەشە زیوی دانێ و وتی: ( بازرگانی بەم دراوانەوە بکەن تا دەگەڕێمەوە). دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کابرایان خۆش نەدەویست، دوابەدوای ئەو خەڵکیان نارد تاکو لەوێ بڵێن: "ئێمە نامانەوێ ئەم کابرایە فەرمانڕەواییمان بەسەرەوە بکات." بەڵام ئەو فەرمانڕەوایی ناوچەکەی وەرگرت. کاتێ گەڕایەوە، فەرمانی دا ئەو دە کەسەی پارەکەی دابوونێ بێنە لای، تا بزانێ هەر یەکە، لەو پارەیەی کە لایەتی، چەندەی قازانج کردووە. یەکەمیان هاتە پێشەوە و وتی :" گەورەم، دە بەشە زیوەکەت دە بەشی قازانج کردووە". ئەویش پێی وت:" ئافەرین ئەی ئیشکەری چاك، لەبەر ئەوەی لەم پارە کەمە دەسپاك بوویت، بڕۆ فەرمانڕەوا بە بەسەر دە شاری ناوچەکەم". دووەمیان هاتە پێشەوە و وتی:" گەورەم، دە بەشە زیوەکەت پێنج بەشی‌تری قازانج کردووە". بەمەشیانی وت: "بڕۆ ببە بە فەرمانڕەوا بەسەر پێنج شاردا." ئینجا یەکی تریان هاتە پێشەوە و وتی:" گەورەم، ئا ئەوەتا دە بەشە زیوەکەت بە پێچراوەیی لەم دەستەسڕەدا پارێزگاریم کردووە. لەڕاستیدا لێت دەترسم، چونکا تۆ مرۆڤێکی توندوتیژی، دەیبەی ئەوەی داتنەنابێ، دەیدروویتەوە، ئەوەی نەتچاندبێ" ئەویش پێی وت:" ئەی ئیشکەری بەدکار، هەر بە قسەکانی خۆت تاوانبارت دەکەم، تۆ کە دەتزانی کابرایەکی توندوتیژم، ئەوەی دامنەنابێ دەیبەم و ئەوەی نەمچاندووە دروێنەی دەکەم، ئەی بۆچی نەچووی پارەکەم ببەیتە لای

پارەگۆڕەوەکان، تا لە کاتی گەڕانەوەمدا خۆی و قازانجەکەشیم وەربگرتایەوە." ئینجا بەوانەی وت کە لەوێدا ڕاوەستابوون:" هەر دە بەشە زیوەکەی لێ بسێننەوە و بیدەن بەوەی دە بەشەکەی قازانج کردووە." ئەوانیش پێیان وت :" گەورەم ئەو دە بەشە زیوی تریشی پێیە"، ئەویش وتی:" من پێتان دەڵێم ئەوەی هەیەتی زیاتری پێ دەدرێ، ئەوەش کە نییەتی، ئەوەی لایەتی لێی دەسێنرێتەوە...» [ ئینجیلی ناسراو بە لۆقا، بەشی ١٩، ئایەتەکانی ١٢- ٢٦].

مانای ئەم سەربردەیە ئەوە دەگەیەنێ کە (العبد و مافی یده کان المولاه) واتە کۆیلە خۆی و هەر شتێك کە هەیەتی، هی خاوەنەکەیەتی. کۆیلە نەك هەر دەبێ سەرلەپێناوی خاوەنەکەی بێت، بەڵکو دەبێ هەموو هەوڵ و توانای خۆیشی بۆ قازانجی پتری خاوەنەکەی تەرخان بکات. لە ئینجیلدا قازنجی خاوەن کۆیلە لە پلەی یەکەمدایە و لە پێش هەموو شتێکەوە جێی گرتووە. ئینجیل هەڕەشە دەکات و دەڵێ: " ئەی کۆیلەکان نەخەڵەتابن مل لە ئەمری خاوەنەکانتان با بدەن و بیریشی لێبکەنەوە، وەرن بۆ تاقیکردنەوە جارێك سەرپێچی بکەن، جا دەبینن چۆن دارەکەی دەخۆن و تەمبێ دەکرێن. « ئەو ئیشکەرەی داواکارییەکانی گەورەی ماڵ دەزانێت، بەڵام بە دەستی ئانقەست خۆ دەگنخێنێ و خێرا جێبەجێی ناکات، بەقەمچی بیراز دەکرێت»[١] [ ئینجیلی ناسراو بە لۆقا، بەشی ١٢، ئایەتی٤٧]. بومئاوایە دەبینین کە ئینجیل ڕاستەوخۆ ئەرکی پۆلیسی پارێزگاری کردن و پشتگیری ڕژیمی کۆیلەداری لەسەر شانی خۆی داناوە و کۆیلەکان ئاگادار دەکاتەوە کە : " نەخەڵەتابن بیر لە سەرپێچیکردنی ویست و داخوازی خاوەنەکانیان بکەنەوە!. ئینجل چاو لەو کویلانە سوور دەکاتەوە کە جێگای متمانە نین و خۆ لە ئەرکەکانیان دەدزنەوە. بەدەستێك قەمچی خاوەن کۆیلەیان پێ نیشان دەدات و

[١] ـ لە ئینجیلەکانی کوردی و فارسیدا وشەی قەمچی تێدا نییە، بەڵام لەم کتێبەدا و هەروەها لە ئینجلی ناسراو بە لۆقا بە زمانی ئاڵمانی ووشەی سزادان بە قەمچی و دارکاری هاتووە.(ناسر ئەمینزاد)



دەڵێ" جوان سەیری کەن، ئەگەر بوێرن و بیر لە ململانێ بکەنەوە، خاوەنەکانتان ئا بەمە هەموو لەشتان هەلاهەلا دەکات. بە دەستێکی دیکەش ئاماژە بۆ ئاسمان دەکات و دەڵێ"چما نازانن کە ڕژیمی کۆیلایەتی قەوارەیەکی «ئاسمانی»یە و لە لایەن خواوە دیاری کراوە؟"

ئینجیل لەگەڵ ئەوانەشدا هانا بۆ شێواز و بنەمای دیکەش دەبات. بۆ وێنە لە درگای فریودان، چاوبەستەکردن، دەستبادان و مێشك شۆردنەوە خۆ بە ژووردا دەکا و درۆزنانە دڵنەوایی هەژاران دەداتەوە کە لەو دنیای دیکە، هەموو شتێکیان بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە، دڵیان خۆش دەکەن و پێیان دەڵێن گوێ بەم دنیایە مەدەن، با ئەولاتان لە دەست دەرنەچێ. ئا بەمجۆرە بوونەتە پاڵپشت و هاریکاری ئاغا و دەسەڵاتدارەکان، هەتا باشتر بتوانن کۆیلەکانیان بڕەتێننەوە و چاکتر ڕکێفیان بکەن.

## ئارامکردنەوە و دڵنەوایی ئینجیلی

ئینجیل دەڵێ، کۆیلە دەبێ هەمیشە بە کۆیلەیی بمێنێتەوە، نابێ قەت لە بیری هاوسەنگی خۆی و خاوەنەکەیدا بێ. بەتایبەت، خوانەکا قەت دەسەڵات لە خاوەنەکەی بسێنێتەوە. « ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: کۆیلە گەورەتر نیە لە گەورەکەی، نێراو گەورەتر نیە لەوەی ناردوویەتی.» [ ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا، بەشی ١٣، ئایەتی١٦]. بەڵام مەبەستیش تەنیا هەر ئەمە نیە. ئینجیل دەیەوێ کۆیلە بەوە قایل بکات کە کۆیلەبوونەکەی زۆر باشە و بەقازانجییشی دەگەڕێتەوە.... بەکورتی کۆیلە هیچ قازانجی لەوەدا نیە کە بە تەنگ سەربەستی و رزگارکردنی خۆیەوە بێت!

باشە بۆچی دەبی کۆیلە لەم دنیایەدا بۆ دابینکردنی ژیانێکی چاکتر تێبکۆشێ. لەحالێکدا کە "لەو دنیایدیکە" ژیانێکی باشتر چاوەڕێی دەکات.؟ هەڵبەت ئەمەش بە مەرجێك دێتە دیی کە "لەم دنیایەدا" هەژارێکی دەستەمۆ و کۆیلەیەکی ڕەنجەڕۆ بووبێ. کەوابوو کۆیلە نابێ قەت چاو لە ژیانی ئەو کەسانە ببڕن کە "لەم دنیایەدا"

پۆشتەوپەرداخن و چی بخوازن بۆیان دەلوێ، نابێ قەت بەخیلییان پێبەرن. ئەمانە، یانی کۆیلەدارەکان، دەوڵەمەندەکان و چەوسێنەران "لەو دنیای دیکەدا" تامی خۆشی ناچێژن... ئەوانە قەت دوو پێیان ناچێتە دەرگانەی بەهەشتی خودا. «رۆیشتنی حوشترێك بە کۆنی دەرزییەکدا ئاسانترە لە چوونە ژوورەوەی دەوڵەمەندێك بۆ پادشاهێتی خودا»[ ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس، بەشی ١٠، ئایەتی٢٦].

باشە ئەگەر دەوڵەمەندەکان پاش مەرگ ناگەنە " پادشاهێتی خودا" ئەی چدەکەن؟ تەمسیلی ناسراوی "لەعازر" وڵاممان دەداتەوە. ئێستا با پێکەوە ڕاستەوڕاست گوێ لەو تەمسیلە بگرین کە ئینجیلی ناسراو بە لۆقا بۆمان دەگێڕێتەوە: «پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو، هەموو رۆژێك خەریکی ئاهەنگ گێڕان بوو، گرانبایيترین و جوانترین جلی لەبەر دەکرد. کابرایەکیش ناوی "لەعازر" بوو، لەبەر درگاکەی کەوتبوو، برین لێی دابوو. لەو بەرماوەیەی دەخوارد کە فڕێ دەدرایە بەر دەرگا. زۆرجاریش سەگ دەهاتن و زمانیان بە برینەکانی لەشیدا دەهێنا.

کابرای هەژار مرد و فریشتەکان بردیانە لای ئیبراهیم، پاشان کابرای دەوڵەمەندیش مرد و نێژرا. کاتێ سەری هەڵبڕی سەیری کرد لە دۆزەخدایە و ئازار دەچێژێ. لە دوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازر لە باوەشیدا بوو. ئینجا هاواری کرد:" ئەی ئیبراهیمی باوك، بەزەییت پێمدا بێتەوە، لەعازر بنێرە تا پەنجەکانی بە ئاو تەڕ بکات و سەری زمانمی پێ سارد بکاتەوە، ئەوەتا لەم ئاگرەدا ئازارم زۆرە". ئیبراهیم پێی وت:" کوڕم لەبیرتە تۆ چی خۆشی هەیە هەموویت کرد و بینیت، لەعازریش چی دەردەسەری هەبوو بینی. بەڵام ئێستا ئەو دڵنەوایی دەکرێت و تۆش ئازار دەچێژیت. سەڕەرای هەموو ئەمانە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بۆشاییەکی گەورە هەیە و دانراوە، ئەوەی بیەوێ لێرەوە بێتە لاتان ناتوانێ، بە هەمان شێوە ئەوەش کە دەیەوێ لای ئێوەوە بێتە لامان ناتوانێ» [ئینجیلی ناسراو بە لۆقا، بەشی ١٦، ئایەتەکان١٩ تا ٢٦].



ئای چەوسێنەری بەسزمان! بەڕاستی "لەو دنیا"یەدا چ ئازار و کوێرەوەرییەکی قورستان لەسەر شانە. کەوایە قەی ناکا، با "لەم دنیا"یەدا چییان پێخۆشە بیکەن، وازیان لێ بێنن، با بژین بەوجۆرەی خۆیان گەرەکیانە، هەموو خۆشی و بەشارەتی ئەم دنیایە با هەر بۆ ئەوان بێت. قەی ناکا ئێمەش لە خزمەتیاندابین، کاریان بۆ دەکەین و زەحمەتیان بۆ دەکێشین...

ئەوانەی بڕەودەری ئایین بوون دەیانەویست هەژاران و زەحمەتکێشان دروست هەر بەو بۆچوونە بگەن. ئەمە بۆ کۆیلەدارەکانی ئەو سەردەمە کە ئینجیل لە پێناو ئەواندا نووسرا بوون، گەلێك گرینگ و پێویست بوو. ئینجیلەکان ئێستاش هەمان قازانجیان بۆ چەوسێنەرانی ئەمڕۆ، واتە سەرمایەدارەکان، ئاغاوات و خاوەن زەویوزارە گەورەکان، خاوەن بانکەکان و چەوسێنەرانی دیکەش هەیە.

لە ئینجیلدا زۆرجار ئاماژە بە دیاردەی هەژاری و دەوڵەمەندی و بنەمای دابەشبوونی کۆمەڵگا بە چینی جۆربەجۆر کراوە و ئەوەی تێدایە کە ئینجیل پشتی هەژاران و زۆرلێکراون دەگرێ. دەڵێن گۆیا مەسیح لە "ئامۆژگارییەکانی سەر کێو"دا مەبەستی هەژاران و زۆرلێکراوانە و بۆیە بە دەمودوویەکی دڵنەواییدەرانە و باوکانە پێیان دەڵێ: «وەرن بۆلام ئەی ماندووان و بارگرانەکان، من ئێوە دەحسێنمەوە، وەرن نیری من هەڵگرن و لەمنەوە فێر بن، چونکا من هێمن و دڵنەرمم، ئەوسا حەسانەوە دەدۆزنەوە بۆ دەروونتان، چونکا نیرەکەم سووك و بارەکەم ئاسانە.»[ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ١١، ئایەتەکان٢٨ تا ٣٠]. من کە خوام لەگەڵتانم، بەرەولام وەرن، من ئێوە دەحسێنمەوە و دڵسوکناییتان دەدەمێ.

ئینجیل چۆن دەیەوێ ڕەنجدەرانی "ماندوو و بارقوس" بحەسێنێتەوە و دڵسوکناییان بداتێ؟ داخوا دەستیان دەگرێ هەتا یەکبگرن و لە دژی چوەسێنەران خەبات بکەن؟ بە دڵنیاییەوە نا، قەت شتی وا لە گۆڕێدا نیە. ئینجیل بە شێوەی خۆی دڵی ڕەنجدەران دەداتەوە و ماندوویان دەڕەوێنێتەوە. دەیەوێ قاییلیان بکات کە ددان بەخۆیاندا بگرن،

ئەودەم کە خڵکانی دیکە تاڵانیان دەکەن، دەست نەبزێون چونکا خوا بۆخۆی تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە. جەماوەری خەڵك دەبێ رەنج بدەن و سپڵی لاورگەکانی کۆمەڵگاش بەروبووی ئارەقەی ناوچاوانی ئەم خەڵکە پاوان بکەن. کۆیلەداران، سووخۆرەکان و چەوسێنەرانی دیکە دەبێ ژیانێکی پڕشکۆ و رازاوەیان هەبێ و کۆیلەکان، وەرزێران و زۆرلێکراوانیش دەبێ دەستەملانی هەژاری و کوێرەوەری بن و برسیایەتی بچێژن. دەبێ هەروابێت، چونکا ئەمە ویستی خودایە، نابێ خۆمان لێڵ بکەین و خەفەتی پێوە بخۆین، چونکا سوودی نیە و هیچ شتێك ناگۆڕێ.

ئابووری زانێکی گەورە[2] لە جێگایەکدا بە «فۆیرباخ Feuerbach»[3] دەڵێ:

«ئەگەر کەسێك بێتوو لە جیاتی هاندانی کۆیلەیەك بۆ خۆدەربازکردن لە هەلومەرجی کۆیلەتی، هەر دڵنەوایی بکات و دەستی بەسەردا بێنێ و بیلاوێنێتەوە، ئەوە تەنیا یارمەتی بە خاوەن کۆیلە و هێشتنەوەی هەلومەرجی کۆیلایەتی گەیاندووە» کەس ناتوانێ باشتر لەمە نەخت و پوخت شیرە و هەناوی " ئارامکردنەوە و دڵنەوایی ئینجیلی" لێکبداتەوە و دەریبخات.

کۆتایی بەشی حەوتەم

درێژەی هەیە

---

[2]- مەبەست "مارکس"ە، ئەم کتێبە لە ساڵەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریتی "شا" بڵاو بۆتەوە، ئەودەم ناوهێنان لە مارکس باسی سەر بوو. مەحمەدی قازی ئەم گۆڕانەی هەڵبژاردووە بۆ دەربازبوون لە مەقەستی سانسۆر. (وەرگێڕ)

[3]- لودویک فۆیرباخ، یەکێکە لە فەیلەسوفە ماتریالیستە ناسراوەکانی ئاڵمان. فۆیرباخ فەلسەفەی ئیدەئالیستی «هێگێل»ی دایە بەر رەخنە، بەڵام نەیتوانی ماتریالیسم بکێشێتە ناو مەیدانی هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی. فۆیرباخ لە هەمان کات دا کە لە دەرەوەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا ماتریالیستێکی بە برِشت بوو، بەڵام لە لێ تێگەیشتنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەروا ئیدەئالیست مایەوە. فۆیرباخ لە دواین ساڵەکانی ژیانیدا رووی لە ئەدەبیانی سوسیالیستی کرد و لە ساڵی ١٨٧٠وە چووە ناو ریزەکانی حیزبی سوسیال دموکراتی ئاڵمان. .(و.ک)